# ڕووبەڕوو لەگەڵ بەختیار عەلیدا دەربارەی جەهل و گەمژەیی

بەشی دووەم

تاهیر ساڵح شەریف

لە بەشی یەکەمی ئەم زنجیرە وتارەدا ئاماژەم بەوەدا کە تیۆری مەعریفە، بە شێوەیەکی گشتی، جاهل بوونی مرۆڤ ڕەتدەکاتەوە، بەڵام ئەوە بەختیار و ئیسلامن کە بەشێوەیەکی جاهلانە تیۆری مەعریفە ڕەتدەکەنەوە و مرۆڤ بە گشتی دەکەنە جاهل و گەمژە . لە هەمان بەشدا، ئاماژەشم بەوەدا کە بەختیار نە لە مەعریفە، جەهل، هوشیاری، ئەزموون و شارەزایی، وەک چەمک و زاراوەکانی ناو کایە فەلسەفی و مەعریفییەکان تێگەشتووە و نە دەشتوانێت سنووری نێوان هەریەکێک لەو چەمک و زاراوانە لە بوعدە مەعریفییەکەیدا دیاری بکات . ئەو بێتواناییەی بەختیار لە بواری ناسین و دەرککردنی دیالکتیکیانەی ئەو مەقولات و مەفاهیمانەی کە لە پێشەوە ئاماژەیان پێکرا، نووسەر دووچاری زۆر بڵەییەکی بێئەنجام دەکات لە بارەی "جەهل "و "گەمژە"ییەوە .
کێشەی سەرەکی بەختیار لە هەمان وتاردا، تەنها کێشەی تێنەگەشتنی مەعریفی ئەو نییە لە چوار چەمک و زاراوەی " جەهل، هوشیاری، ئەزموون و شارەزایی "، بەڵکو کێشەی سەرەکی ئەو لە پێشدا خۆی لە بواری زماننناسی و تێرمێنۆلۆژیدا بەرجەستە دەکاتەوە و پاشان پەلوپۆ دەهاوێژێت بۆ سەر فکر و میتدۆڵۆجی شێواوی ئەو.

## جەهل و گەمژەیی لە تێرمێنۆڵۆجی بەختیاردا

لە ڕوانگەیەکی مەعریفی و فەلسەفی ڕووتەوە، هەر پێشەکییەکی ناڕاست و هەڵە لە زەمینەی لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی دیاریدە و شتەکاندا، بە ئەنجامگیریەکی هەڵە کۆتایی پێدێت . دەستپێکردنی باس و لێکۆڵینەوەکەی بەختیار لە زەمینەی ناسین و پێناسەکردنی جەهل و گەمژەییدا، دەستپێک و پێشەکییەکی هەڵەیە و ئەنجامگیرییەکەشی بە هەڵە کۆتایی هاتووە(لە دوایین بەشی ئەم زنجیرە وتارەدا دەگەڕێمەوە سەر ئەم باسە ) .
میتۆدی شیکردنەوەکەی بەختیار دەربارەی " جەهل " و " گەمژەیی "، میتۆدێکی نازانستی و میتافیزییکیە . تێڕامانی نووسەر لە جەهل تێڕامانێکی نا دیالیکتیکی و ڕووکەشانەیە، چونکە بەختیار نەک هەر نەیتوانیوە لە بەر ڕۆشنایی تیۆری مەعریفەدا جەهل، وەک زاراوەیەکی بابەتی و کۆمەڵایەتی، لە قوڵترین ئاستی خۆیدا پێناسە بکات، بەڵکو لەوەش خراپتر ئەوەیە کە نەیتوانیوە لە ئاستی زمانەوانی و تێرمێنۆڵۆجیشدا جەهلمان بۆ ڕوونبکاتەوە.
لە دنیای فەلسەفە و لە کایە مەعریفییەکاندا، ووشەکان، زاراوەکان، زمانیش وەک خوڵقێنەری ئەوانە، پانتاییەکی بەرچاویان داگیرکردووەو گرنگییەکی زۆریان پێدراوە. هەر ووشەو زاراوەیەکی فەلسەفی بە دەیان مشتومڕی لەسەر کراوە ، بەڵام بەختیار بە بێ هیچ تێڕامانێکی زمانەوانی قوڵ لە واتاکانی ووشەی جەهل و گەمژەیی، لە خۆیەوە دەستی بە ڕەقەم لێدانکردووە و بەو شێوەیەی کە دڵخوازی خۆیەتی جەهل و گەمژەییمان بۆ پێناس دەکات .
لە بەشی پێشوودا، ئاماژەم بەوەدا کە ووشەی جەهل لە فەرهەنگ و زمانی ئیسلامی عەرەبییەوە گوازراوەتەوە ناو زمان و فەرهەنگی کوردی . وەرگێڕانە کوردییە پەتتیەکەی " جەهل "یشیان

کردووەتە نەزان، هەر چەندە من خۆم لەگەڵ ووشەی " نەزان "دا نیم و پێم وایە جەهل مانایەکی زۆر نێگەتیڤتری لە "نەزان " هەیە ( لە خوارەوەتر ڕوونی دەکەمەوە )، بەڵام لە تێرمێنۆلۆژییەکەی بەختیاردا " جەهل " و " نەزان " لە یەکتری جیا ناکرێنەوە و ئەمەش دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێ و گومانی نووسەر بەرامبەر بە واتای ڕاستەقینەی " جەهل ".. یان بە واتایەکی ڕاشکاوانەتر، ئاستی تێرمێنۆلۆژیەکەی بەختیار ئەوەندە نزمە کە توانای ساخ بوونەوەی نییە لە سەر مانای " جەهل " . بەو هۆیەشەوە، ئەو ناتوانێت نە پێناسەیەکی زمانەوانی و نە پێناسەیەکی مەعریفی ووشەو چەمکی " جەهل "مان بۆ بکات و سەر ئەنجامی ئەوەش دەبێتە هۆی زۆربڵەیی و وڕێنەکردنێک دەربارەی جەهل . گوێبگرن بزانن بەختیار چۆن ووشەی " جەهل "مان بۆ ڕاڤە دەکات :{ جەهل بریتییە لە بێئاگایی لە مەعریفەت } . لە ڕوانگەی نووسەرەوە، تا ئێرە جەهل بریتییە لە بێ ئاگایی لە مەعریفەت !. لە تێرمێنۆلۆجییەکەی بەختیاردا، جاهل بە کەسانێک دەگوترێت کە { هیچ } مەعریفەیەکییان نییە و { ئاگا}یان لە مەعریفەت نییە { ئەمە لە حاڵێکدایە کە خودی تیۆری مەعریفە جاهل بوونی مرۆڤ ڕەتدەکاتەوە- بگەڕێرەوە بۆ بەشی یەکەمی ئەم زنجیرە وتارە }، بەڵام ئایا خودی بەختیار بڕوای بەوە هەیە کە مرۆڤە جاهلەکان بێ مەعریفەن ؟ بە پێی هەمان پێناسەی پێشەوەی بەختیار بۆ جەهل، وەڵامەکە پۆزەتیڤ و ( بەڵێ )یە، بەڵام لەبەرئەوەی بەختیار میتۆدی شیکردنەوەکەی بۆ دیاریدەی جەهل میتافیزیکی و نا زانستییە، لە بواری تێرمینۆلۆژیشدا دووچاری ناکۆکی ووتن و میتافیزیکییەت دەبێت و ناتوانێت خۆی لە سەر مانایەکی ڕاستەقینە بۆ زاراوەی جەهل ساخ بکاتەوە!. بەو هۆیەشەوە ناچار دەبێت جاهلەکان لە بەرامبەر گەمژەکاندا بکاتە خاوەنی مەعریفە !. سەرنج بدەن بزانن ئەم کۆلکە فەیلەسوفە چۆن لە شوێنێکی دیکەی هەمان وتاردا جاهلمان لێدەکاتە { کەم ئاگایی } لە مەعریفە و گەمژەشمان لێدەکاتە دوژمنی سەرسەختی مەعریفەت . بەختیار دەڵێت :{ جەهل بریتییە لە بێئاگایی لە مەعریفەت، بەڵام گەمژەیی بریتییە لە ڕق لە مەعریفەت، برتییە لە سەندنەوەی ماف و دەسەڵات لە مەعریفەت، بریتییە لە شکاندنی هەیبەتی ڕەمزیانەی مەعریفەت. نەك هەر ئەوە بەڵکو گەمژەیی بریتییە لە دۆخی پالاماردان شەڕانگێزی بەرامبەرمەعریفەت. جەهل هەمیشە بە پرێك لە مەعریفەت خۆی دادەپۆشێت. بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە جەهل بەو پرە کەمە لە مەعریفەت دادەسەکنێ – بەختیار هەمان وتار } . بەختیار لە ڕووی تێرمێنۆلۆجییەوە ناتوانێت خۆی لەسەر ئەوە ساخ بکاتەوە کە ئایا جەهل{ نازانینی پەتی و ڕووتە } یان {بێ ئاگاییە تەواوە } لە مەعریفەت ؟ یان جەهل بریتی لە { کەم ئاگا بوون } لە مەعریفە ؟ . بە ختیار لە نێوان سێ تەفسیری ناکۆکدا بۆ زاراوەی جەهل گیریکردووە و نازانێت شایەتمان بە ڕاستی کام تەفسیریان بهێنیت !. ئەگەر جەهل بریتییە لە نازانین، ئەوا جاهلەکان نە کەم و نە زۆر ئاگاییان لەبارەی مەعریفەتەوە نییە و مرۆڤی بێ ئاگاش لە مەعریفەت، ناتوانێت خۆی بە مەعریفەت دابپۆشێت . ئەو تەفسیرەی بەختیار بۆ جەهل وەک ئەوە وایە کە خودی ئەو لە چاخی بەردیندا بژی و بۆ بەرگرتن بە سەرما پێویستی بە جل و بەرگ هەبێت تالەشی خۆی پێداپۆشێت و بەرگری لە سەرما پێبکات، بەڵام لە هەمانکاتیشدا نەزانێت کە جل و بەرگ چییە. ئایا ئەگەر بەختیار نەزانێت جل و بەرگ چییە، چۆن دەکرێت لەشی خۆی بە جل و بەرگ دابپۆشیت ؟ ئایا ئەگەر جاهیلێک بێئاگا بێت لەمەعریفە ، ئەدی کاکی فەیلەسوف چۆن دەکرێت جاهلی بێ ئاگا لە مەعریفەت لە بەرگی مەعریفەتدا دەر بکەوێتەوە ؟ بەختیار دەبووایە لە ڕووی تێرمێنۆلۆجییەوە بۆی ڕوون بکردینایەتەوە کە ووشەی جەهل یەکسانە بە نەزانینێکی ئەبستراک یان یەکسانە بە کەم زانین و زانیارییەکی کەم ؟ یاخود یەکسانە بە بێ ئاگایی لە مەعریفەت ؟ یان جەهل یەکسانە بە بێمێشکی ؟... بە پێی هەمان تەفسیری بەختیار بۆ جەهل، جەهل هەموویشیانەو هیچیشیان نییە !. ئەوەی کە بەختیار لە بارەی جەهلەوە وتویەتی، نەک هەر لە ڕووی زمانەوانی و تێرمێنۆلۆجییەوە ناکۆکی وتن و سەرلێشێواوییە، بەڵکو لە ڕووی فەلسەفی و لە بواری تیۆری مەعریفەشدا مەهزەلەیە، بەڵام لەوەش مەهزەلەتر جیاکاری دڵخوازانەی بەختیارە لە نێوان

گەمژەیەتی و جەهلدا . بەختیار چونکە خۆی لەسەر ئەوە ساخنەکردووەتەوە کە واتای جەهل هەم لەڕووی مەعریفی و هەم لە ڕووی زمانەوانییەوە چییە و کام واتایەی هەیە، بە هەمان شێوەش نازانێت کە جەهل گەمژەیی بەرهەم دەهێنێت، یان گەمژەیی جەهل بەرهەم دەهێنێتەوە !.

## جەهل لە گەمژەیی بووە یان گەمژەیی لە جەهل بووە ؟

دەبەنگ، گەمژە، گەلحۆ، گێژوڕ، ناحالی، گێل، نە فام، کالفام و لەم سالانی دواییشدا گدیش، ئەو ووشانەن کە لەزاری سۆرانیدابەکار دەبرێن بۆ کەسانێک کە تەکنیک و فێلی پیشەیەک، یان مامەلەیەکی ئابووریی، سیاسیی و کۆمەلایەتی نازانن، یان بە خێرایی تێیناگەن و فێری نابن، یان دەیزانن و نایانەوێت بیکەن . ئەوانە کۆمەلە ووشەیەکن کە وەک سیفەت ( ئاوەلْ ناو (adjective یکی خراپ دەدرێنە پال ئەو کەسانە کە توانایی دەرک کردن، تێگەیشتن و فێر بوون، یان تێگەیشتن و کار پێنەکردنیان لاواز و خاووخلیچکە لە بوارێکی دیارکراوی ژیانی کۆمەلایەتیدا . لە نێوان ئەو ووشە سیفەتیانەدا کەم یان زۆر جیاوازی هەیە و بە پێی پێویست بوونی باسەکە ئاماژەیەکی گوزەر و تیژپەڕ بە جیاوازی نێوانیان دەکەم . جیاوازی ئەو سیفەتانە لە زمانە جۆراوجۆرەکانی دنیادا، بە هەمان ماناکان، بەلام ڕەنگە بە دەربڕینی جیاوازتر بەکار ببرێنەوە . ئەو ووشە جیاوازانە " پاشگر "ی ناوەکانن"1" ، بەلام هەموویان لە یەک مەبەستدا کۆ دەبنەوە کە ئەویش پێناسەکردن و دیاریکردنی سیفەتی خراپی هاوبەشی ئەو کەسانەیە کە ئەو سیفەتانەیان بە بالادا دەبڕیت . لەگەل ئەوەشدا، دەبێت ئەوەشمان بیر نەچێت کە ئەو مرۆڤەی لە بوارێکدا توانایی دەرککردن و فێربوونی لاواز ، یان سست و شێنەییە، ئەوا لە بوارێکی دیکەدا ڕەنگە کەسێکی زۆر لێزان و سەرکەوتوو بێت . لە بەرئەوە ناتوانین بەو کەسانەی کە لەبوارێکدا توانای فێربوون و تێگەیشتنیان لاواز و سستە، بەلام لە بوارێکی تردا سەرکەوتوون پێیان بلێین جاهل . هەر خودی ئەوە کە لە بوارێکی دیکەی ژیاندا لێزان و سەرکەوتوون، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ڕەتکردنەوەی جاهل بوونی ئەو کەسانە، چونکە جاهل کەسانێک دەگرێتەوە کە هیچ لە بارەی ژیانی خۆییانەوە نازانن. جاهل بوون گەمژەیی، گێلی، دەبەنگ و تاد... نییە، بەلکو جاهل بوون هیچ نەزانیین و تێنەگەشتنە لە بارەی بوونی خۆت و ژیانی خۆتەوە، بەلام گەمژەیی سیفەتێکە کە گوزارشت لە حالەتێکی تایبەتی کەسێک دەکات لە پرۆسەی فێر بوون، دەرک کردن و بەجێنەهێنانی کارو پیشەیەک لە بوارێکی دیاریکراوی ژیانی کۆمەلایەتیدا. گەمژەیەک، گێلێک ناحالی، دەبەنگ و گەلحۆیەک دەتوانێت ئەو پیشەیە، یان ئەوشتەی کە مەبەستییەتی و ئەمرۆ فێر بوونی سەختە بەلایەوە، یان ئارەزووی فێر بوونی نییە، یان دەیزانێت و نایکات، سبەینێ بەدەستی بهێنێت و فێری بێت یان ئەنجامی بدات، بەلام جاهیلێک مەحالە کە فێری هیچ شتێک ببێت و جەهل لەگەل خۆیدا دەباتە گۆڕەوە . بە ڕای من کورد جوانترین و پڕ ماناترین ووشەی داناوە بۆ جەهل ؛ بێ مێشک . باشترین و لۆجیکیترین وەرگێرانی فەلسەفی ووشەی جەهل بۆ سەر زمانی کوردی { بێمێشک } ە. مرۆڤی جاهل، مرۆڤێکە کە مێشکی کار ناکات و مێشکی توانای دەرککردنی یاساکانی زال بەسەر جولانەوەی جیهانی ماددی { کۆمەلگەش وەک بەشێک لە سروشت و جیهانی ماددی }دا نییە . گەمژەیەک مێشکی هەیە و مێشکی کار دەکات، دەزانێت ژیان چییە و دەزانێت چی لە دنیای دەوروبەریدا دەگوزەرێت، بەلام ئیستعاب کردن و فێر بوونی پیشەیەکی دیاریکراوی بۆ زەحمەتە، یان ئارەزووی کردنی نییە، بەلام بێمێشکێک هیچ لەوانە نازانێت و مێشکی توانای ئیستعابکردنی هیچی نییە . بۆنموونە ؛ دەتوانین بلێین پیاوە سیاسییە دەسەلاتدارەکانی کورد لە بەڕێوەبردنی وولاتدا "

گێلن " . گێل سیفەتێکە کە گوزارشت لە ناساندنی کەسایەتی ئەوان دەکات و پێمان دەڵێت پیاوە سیاسییەکانی کورد لە هونەری ئیدارەکردنی کۆمەڵگەی کوردیدا خۆیان گێل دەکەن، گێل بەو مانایەی کە پیاوە سیاسییەکانی دەسەڵاتی کوردی دەزانن کە سیستەم و دەسەڵاتەکەیان گەندەڵە و دەشزانن هۆی گەندەڵی دەسەڵاتەکەیان سپاردنی پۆستە گرنگەکانی دەسەڵات وحکومەتە بە کەسانی گەندەڵ و نەشارەزا، بەڵام خۆیان لەو ڕاستییە گێل دەکەن و درێژە بە دەسەڵات و سیستەمە گەندەڵەکەیان دەدەن ... بەو حاڵەشەوە ناکرێت بڵێین پیاوە سیاسییە دەسەڵاتدارەکانی کورد جاهلن، چونکە ئەگەر بڵێین جاهلن، واتە هیچ شتێک لە بارەی بوونی خۆیان وەک مرۆڤەوە نازانن. باشترین سیفەت کە پێناسەی دەسەڵاتدارانی کوردی باشور بکات، گێلییە، چونکە ئەوان ڕاستییەکان دەزانن و گوێی خۆیانی لێکەڕ دەکەن و چاوی خۆیانی بەرامبەر دەنوقێنن . ئەوان نە جاهلن و نە گەمژەن . هەروەک ئەوەی کە چۆن لە نێوان جەهل و گەمژەییدا جیاوازی هەیە، لە نێوان گەمژەیی و گێلیشدا جیاوازی هەیە ... بەهەرحاڵ، ووتنی ئەمە کە پیاوانی دەسەڵاتداری کورد جاهلن، بۆخی دەمانباتەوە خانەی جاهلییەت، جەهل نەک بە مانایەکی تەسک کە بەختیار تێیگەیشتووە، بەڵکو بە مانا فراوانە فەلسەفی و مەعریفییەکەی . ئەگەر ئەوەمان قەبوڵ بێت کە وەرگێڕدراوی فەلسەفی ووشەی جەهل یەکسانە بە ( بێمێشک) ی کوردی، نەک بە ( نەزانین )ی کوردییە باوەکەی، هەروەها ئەگەر ئەوەشمان قەبوڵ بێت کە جەهل بە مانا مەعریفی و فەلسەفییەکەی بریتییە لە نەزانینی مرۆڤ لە بارەی بوونی خۆیەوە، ئەوا ئەوکات دەبێت ئەوەشمان قەبوڵ بێت کە پیاوە سیاسییەکانی کورد جاهل، واتە بێمێشک نین، بەڵکو لە بوارێکی دیاریکراودا، کە ئەویش ئیدارەکردنی کۆمەڵگەیە گێلن . هیگڵ لەم ڕووە وەلامێک مەنتقی و سادەی بەختیار دەداتەوە کە دەڵێت : { ئەم قسە کۆنە کە " ئەگەر خودا پلەو پایە بە یەکێک بدات، ئەوا ئەقڵیشی دەداتێ" ئەمرۆ زۆر بەدەگمەن بە جدی دەگیرێت"2"}. هیگل لە زمانی پێشینانەوە ڕاستی گوتووە، ئەگەر کەسانێک دەسەڵات بەدەستەوە بگرن و حوکمی کۆمەڵگە بکەن، کەسانێکی بێمێشک، یان بەقەولی بەختیار جاهل نین، بەڵکو کەسانێکی ئاقڵن لە هونەری بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتدا، بەڵام هونەری چۆنییەتی ئیدارەکردنی کۆمەڵگەش لەلایەن ئەوکەسانەوە بۆخۆی مەسەلەیەکی دیکەیە و ماناکەی لە گێلیدا بەرجەستە دەبێتەوە. بەختیار یەکێکە لەو نووسەرانەی کە لە باسەکەیدا هەمان ووتەی پێشینان، کە هیگڵ ئاماژەی پێدەکات، بە جدی وەرنەگرتووە. بەختیار لەوە تێناگات کە دەکرێت ئەوکەسانە لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا گێل بن یان زەروتی مانەوەی شێوەی دەسەڵاتەکەیان وا بخوازێت کە خۆیان لە ئیدارەکردنی تا گەندەڵانەی کۆمەڵگەی کوردی گێل بکەن ، بەڵام ناکرێت جاهل یان بێمێشک بن . لێرەدایە کە بە پرسیارێکیتر لە سەر باسەکەی بەختیار دەگەین ؛ ئایا گەمژەیی ڕوویەکی تری جەهلە ؟ ئایا جەهل گەمژەیی بەرهەم دەهێنێت یان بەپێچەوانەوە ؟ ئەم پرسیارە بۆ بەختیار بووەتە مەتەڵی هێلکەو مریشکەکە ؛ ئایا مریشک لە هێلکە بووە یان هێلکە لە مریشک بووە ؟ لە هەمان پرسیارو وەلامدا ڕۆڵی کەڵەشێر ونکراوە!.. لە باسی جەهل و گەمژەییەکەی بەختیاریشدا دیالکتیک و مەعریفە ونکراوە . بەو حاڵەشەوە، دەبێت بزانین کە بەختیار چۆن وەلامی هەمان هێلکەو مریشکی باسەکەیمان دەداتەوە . ئەو دەیەوێت جیاکارییەک لە نێوان گەمژە و جەهلدا بکات، بەڵام لە کۆلانە بن بەستەکەدا گیر دەکات و توانای ئەو جیاکارییەی لە بەر دەبرێت . ئەو لەو بارەیەوە دەڵێت : { لەم وتارە بچوکەدا لەسەر دوو سیفەتی بچوکی جەهل قسەدەکەم، یەکێکیان سیفەتی سەختی و قایمکاریی و مەحکەمییە،دووەمیشیان سیفەتی ناکۆتابوون و بەربڵاوی و هەمیشەگییە. لەسەرەتاوە دەبێت جیاکارییەك لە نێوان جەهل و گەمژەییدا بکەم - بەختیار هەمان وتار }. لێرەدا ڕوون نییە کە بەختیار مە بەستی لە سیفەت چییە ؟ ئایا لای بەختیار جەهل { ناوە} یان {سیفەت - ئاوەڵناو } ە ؟ ئەگەر ناو بێت، ئەوا مشتو مڕ هەڵناگرێت کە ناو ئاوەڵناو لە خۆی دەگرێت، بەڵام وەک لە باسەکەی بەختیاردا

دەردەکەویت جەهل لای ئەو سیفەتێکە بۆ ناساندنی دەسەڵات و سیستەمێک . بەم پێیە دەسەڵات، یان سیستەم وەک ناوێک، سیفەتێک لەخۆی دەگرێت کە جەهلە ... ئەگەر جەهل لای بەختیار سیفەت { ئاوەڵناو**adjective** } بێت، ئەوا قوڕ بەسەری کورد و زمانەکەی کە نووسەرە خۆ بە فەیلەسوف زانەکەی ئاوا لە ڕێزمانەکەی تێگەیشتبێت و ئاوەڵناو بە ئاوەڵناوەوە بکات، یان ڕوونتر بڵێم کە سیفەت بخاتە ناو سیفەتەوە، کە لە هیچ ڕێزمانێکی دنیادا شتی وا نییە ئاوەڵناو دوو یان چەند ئاوەڵناوێکی دیکەی هەبێت. ئەمەی بەختیار وای لێدێت کە بڵێین بەختیار زیرەکە (زیرەک خۆی سیفەتێکە بۆ وەسفکردن و پێناسەکردنی کەسایەتی و ناوەکەی بەختیار )، لە هەمانکاتیشدا بڵێین زیرەک دوو سیفەتی دیکەشی هەیە؛ زیرەک شیرینە و زیرەک سوێرە !... ئەوە هیچ مانایەک نادات بەدەستەوە، چونکە زیرەک نە شیرینە و نە سوێرە، زیرەکیش وەک شیرین و سوێر ئاماژە و هێمایەکە بۆ دەرخستن و ناساندنی چلۆنایەتی شتێک یان ناوێکی دیکە.... بە هەرحاڵ، ئەگەر مەبەستی بەختیار لە جەهل سیفەت بێت، ئەوا گەمژەش بۆ خۆی سیفەت( ئاوەڵناو )ێکی دیکەیە و گەمژە وەک سیفەتێک ناچێت بە بەری سیفەتێکی دیکەدا کە جەهلە . دوو سیفەت دەکرێت بۆ یەک ناو دابنرێت، بەڵام سیفەتێک سیفەتێکی دیکە پێناس ناکات . وەک لە پێشەوە وتم هەڵە بوونی باسەکە بەختیار، بەرلەوەی هەڵەیەکی میتدۆلۆجی بێت، هەڵەیەکی ڕێزمانی و تێرمێنۆلۆجییە . تێرمێنۆلۆجی بەختیار میتافیزیکیە و توانای ڕاڤەکردن و مانا کردنەوەی زاراوەکانی جەهل و گەمژەی نییە . ئەوە بۆ خودی بەختیار ڕوون نییە کە جەهل و گەمژەیی سیفەتن یان ناون . ڕوون نەبوونی ئەوەش، دەگەیەنێت بە تەفسیری و ماناکردنەوەی تێکەولێکەی جەهل و گەمژەیی و ناتوانێت سنوور و جیاوازی نێوان ئەو دوو ووشەیە هەم لەڕووی ڕێزمانی و هەم لەڕووی مەعریفییەوە دیاری بکات . با گوێ لەم بەحساب سنووربەندی و جیاکارییە بگرین کە بەختیار لە نێوان جەهل و گەمژەییدا دەیکات: { ئەوەی جەهل دەکات بە شتێکی پر مەترسی، خودی جەهل نییە، بەڵکو تێکەڵبوونێتی بە گەمژەیی .گەمژەیی تێکەڵاوبوونی جەهلە بە کۆمەڵێك سیفەتی سەرەکی - هەمان وتار}. بەختیار لە پێشەوە بەڵێنی پێداین کە جیاکارییەک لە نێوان جەهل و گەمژەییدا بکات، بەڵام لەم دوو دێڕەدا ئێمە هیچ جیاکارییەک لە نێوان جەهل و گەمژەدا نابینین . گەمژەیی تێکەڵ بە جەهل دەبێت !. ئێستا ئەوە بۆ خودی بەختیاریش ڕوون نییە کە جەهل گەمژەیی بەرهەم دەهێنێت یان گەمژەییی جەهل بەرهەم دەهێنێتەوە ؟ . ئێستا ئەوە مەعلوم نییە کە بوونی جەهل لە پێش گەمژەییەوە یان گەمژەیی لە پێش بوونی جەهلەوەیە ؟ لە هەمان هاوکێشەی بەختیاردا، جەهل تێکەڵ بە گەمژە دەبێت و تیایدا دەتوێتەوە، بە هەمان شێوە گەمژەییش خۆی لەودا دەتوێنێتەوە !. بە بڕوای من ئەم سەر لێشێواویەی بەختیار لە هەمان بواری زمانەوانییەوە سەرچاوە دەگرێت و پاشان جیهانبینی ئەو دەخاتە ژێر سێبەری خۆیەوە. ئەگەر بەختیار لە ڕووی ڕێزمان و زمانەوانییەوە بزانیبایە و دەرکی ئەوەی بکردایە کە جەهل سیفەتێکە بۆخۆیی و گەمژەییش سیفەتێکی جیاوازترە لە خۆیدا، ئەوجا لە مانای مەعریفی جەهل و گەمژەش وەک دوو زاراوەی فەلسەفی و مەعریفی تێدەگەیشت ... بەهەرحاڵ، وەک لە پێشەوە وتم گەمژە بە کەسانێک دەگوترێت کە توانای تێگەیشتنیان کەم و لاوازە، جاهلیش بە کەسانێک دەگوترێت کە هیچ زانیارییەکیان دەربارەی بوونی خۆیان و ئەوەی کە بوون و ئەوەی کە دەبێت ببن نییە . مرۆڤی ئەمڕۆیش مرۆڤی سەرەتایی و چاخی بەردین نییە کە هیچ زانیارییەکی دەربارەی بوونی خۆیی و سروشت نەبێت . ئەمرۆ مرۆڤ بەگشتی لە جەهل ڕزگاری بووە و گەیشتووەتە لوتکەی زانین و زانیاری، ئەوەی کە ڕزگاری نەبووە لێی، نەبوونی هوشیاری و زانیاری پێویستە بۆ گۆڕینی سیستەم و دەسەڵاتێک کە مرۆڤی کردووەتە کۆیلەی پارچە کاغەز و میتاڵێک کە پێی دەگوترێت پارە . ئەم سیستەم و دەسەڵاتە، کە بەختیار پێی دەڵێت جاهل و گەمژە، هوشیارترین و زیرەکترین دەسەڵات بووە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا . ئەم سیستەم و دەسەڵاتە لە

هەرشوێنێکی ئەم گۆی زەویەدا هەبێت، نە گەمژەیەو نە جاهلە . لەبەرئەوە، قسەکردن لە بە جەهل بوون و بە گەمژە بوونی ئەم سیستەم و دەسەڵاتە، تەنها مرۆڤ تووشی سەرگەردانی و کۆڵەواری مەعریفی و فیکری دەکات بەوەی کە دەسەڵاتی پارە، دەسەڵاتێکی گەمژە و جاهلی ڕەهایە و ڕزگار بوونیش لە گەمژەیی و جەهل خەیاڵ پڵاو و یۆتۆپیایە، وەک ئەوەی بەختیار دەیڵێت .

ماویەتی

پەراوێز و سەرچاوە :

1. هەرچەند ڕێزمان نووسە کۆڵەوارەکانی کورد پاشگر، یان سیفەتیان کردووەتە ئاوەڵناو و ووشەی ئاوەڵناویان بۆ داناوە کە لە ئەوەل " یەکەم " ی عەرەبییەوە، واتە لە الاسم الاولی عرەبییەوە وەریانگرتووە، لە حاڵێکدا زۆربەی سیفەتەکان دەبنە پاشگری ناوەکان!.... هەڵبەت ئەوەش دەکرێت بکرێتە جێگای مشتومڕێکی ڕێیزمانی و زمانەوانی، کە لێردا جێگای نییە .

2. هیگڵ : توخمەکانی فەلسەفەی هەق . لاپەڕە 16 . وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە بۆ فارسی مهبد ایرانی طلب .